# وەڵامی لەشکرکێشیو پەلامارەکانی هەردوو سوپای فاشستی جمهوری ئیسلامی و تورکیا بۆ سەر سنورەکانی کوردستان، جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە!

ماوەیەکە هەردوو سوپای جمهوری ئیسلامی ئێرانو تورکیا هێزە سوپاییەکانی خۆیان لەسەر سنورەکانی کوردستان، ئامادەکردوە لە ژێر بیانوی پرو پوچی لێدان لە هێزەکانی پەکەکە. ئەمە لەکاتێکدایە کە چەندین ساڵە هێزەکانی پەکەکە لەلایەن جمهوری ئیسلامی ئێرانەوە داڵدەرێنو کۆمەك دەکرێن. ئەگەر هەرەشەکانی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر خەڵکی کوردستانی عێراق مێژویەکی کۆنتری هەیەو بە هۆی بیانوی پەکەکەوە، تا ئێستا دەیان جار هێرشو هەرەشەی جۆراوجۆی خۆی کردوەو تا قوڵایی ناوچەکانی کوردستان هاتووە، ئەوا جمهموری ئیسلامی ئێران لەماوەی 16 ساڵی ڕابوردودا یەکەمجارە بەم شێوەیە هێزەکانی خۆی لەسەرسنور کۆبکاتەوەو لەهەمانکاتیشدا ناوچەیەکی فراوان لە کوردستانی عێراق تۆپ باران بکات لە ژێر ناوی لێدان لە بارەگاکانی پەکەکە...

لەشکرکێشی هەردوو دەوڵەت لە هەلومەرجێکی سیاسی تەواو جیاوازدا دەچێتە پێشەوە. هەلومەرجێکی سیاسی کە گشت ناوچەکەی داگرتوە، لەلایەك توندبونەوەی کێبەرکێو هەرەشەکانی ئەمەریکاو وولاتانی زلهێزی ئەوروپا لەگەڵ ئێران بە بیانوی هەوڵدانی ئێران بۆ بونی چەکی ئەتۆمی" لەلایەکی دیکەوە لەعێراقدا ئەمەریکاو داروەستەکەیو هێزە سیاسیەکان خەریکی پێکیهێنانی "حکومەتی چوراساڵە"ن ویەکێتیو پارتیش لە لایەکی دیکەوە خەریکی یەکخستنەوەی ئیدارەکانی خۆیانن. لەشکرکێشیو هەرەشەکانی هەردوو دەوڵەت ئامانجەو پەیامی سیاسی جیاوازیان لەخۆگرتوە، بەڵام پەیامی هاوبەشیان هەرەشەیە بۆ سەر خەڵکی کوردستانی عێراقو خەڵك ئەمەی بەچاوی خۆی بینیوە کە چۆن هێزەکانی تورکیاو ئێران تا قوڵایی ناوچەکانی کوردستان ملیان ناوە لە کێبەرکێی بەرانبەر یەکدا بە کۆمەکی لایەك لە لاکانی شەڕی ناوخۆ لە کوردستاندا. بەڵام جمهوری ئیسلامی ئێران بەم هەڕشەو لەشکرکێشیو تۆپ بارانەی دەیەوێت چەندج پەیامێك بدات. لەلایەك بە تورکیا دەڵێت کە من نەك تەنها لەگەڵتدام بۆ لێدانو سەرکوتی پەکەکە بەڵکو "پرۆژە ئەتۆمیەکەشم" بەهیچ شێوەیەك لە بەرانبەر تۆدا نیەو لەم ڕێگایەوە ئێران دەیەوێت مونافسی تەقلیدی خۆی لە ناوچەکەدا ئارام ڕابگرێت لەبەرانبەر"کێشەی ئەتۆمیدا"و پێی دەڵێت بەڵام تۆش لەگەڵ من بە ئەگەر هاتوو ئەمەریکا پەلاماری دا ڕێگا مەدە فرۆکەکانی لای ئێوەوە هەستن یان بە ئاسمانی ئیوەدا بڕوات. بەهەمان شێوە هەڕشەو پەیامێکە بە هیزە دەسەلاتدارەکانی کوردستانو پێیان دەڵێت، ئیوە لە بەردەستدانو ئەمەریکا فریاتان ناکەوێت بۆیە کوردستان مەکەنە جێگایەك کە ئەمەریکا لەوێوە هەرەشەکانی خۆی پراتیك بکات، لەهەمان کاتیشدا دەکرێت وەك پەیامێك بخوێنرێتەوە بۆ فشارەکانی "هاوپەیمانی کوردستان" لەبەرانبەر " لیستی ئیئتلافی ئیسلامی سیاسی شیعی" و بەگشتی لەپەیوەند بونی هەردوو حزبی یەکێتیو پارتی لەگەل جیبهەتو ئەولەویاتی ئەمەریکادا، دیارە لە هەمانکاتدا بە ئەمەریکا دەڵیت کە دەتوانن کوردستان زۆر ئاسان نا ئەمن بکەنو بیشێوێننو جەخت بکەنە سەر ئەوەی کە ئەوە هەر باشورو ناوەراستی عێراق نیە کە بەدەست جمهوری ئیسلامی ئێرانەوەیە بەهۆی "ئیئتلاف"و" باندی صەدر"و "ڕیکخراوی بەدر"و بەڵکو کوردستانیش بە ئاسانی دەتوانرێت بشێوێنرێتو تەنانەت نا ئەمن بکرێت بە هۆی هێزەکانی ئیسلامی سیاسی کوردستان وچەندین باندی تیرۆریستی ترەوە... بەڵام بۆ تورکیا مەسەلەی سەرەکی ئەوەیە کە لە ژێر ناوی " ڕێکەوتنی کۆن"دا کە لەگەل حکومەتی بەعس ئیمزایان کردبوو، دەیەوێت خۆی بەبەرحەق بزانیت بۆ هاتنە نێو خاکی عێراقەوە، بەلام ئەمە بیانویەکەو پەیامی سەرەکی تورکیا ئەوەیە کە هێزی خۆی نمایش بکاتو وەك هێزێکی ناوچەیی بە"حکومەتە تائیفیەکەی" بەغدا بلێت، پێویستە لەسەرت بەرژەوەندییەکانم بپارێزیت. لەم نێوەدا تورکیا چەند پەیامی پێیە لەوانە، تەوەرەیەکی سیاسیان ئەوەیە کە "کەرکوك هی تورکمانەکانە یان بەهیچ شێوەیەك نا بێت بچێتە سەر هەریمی کوردستان". پەیامێکی دیکەی تورکیا ئەوەیە کە هیوای ئەوەی هەیە کە ئەمەریکا بەهۆی یەکێتیو پارتیەوە پەکەکەیان بۆ سەرکوت بکات، هەروەك لەسەرەتای نەوەدەکاندا ئەو کارەیان کرد، خۆ ئەگەر نا ئەوا داوا لە "سوپای عێراق"دەکرێت کە ئەوکارە بگرێتە ئەستۆ، واتە "سوپای عێراق" بێتە کوردستانەوە، بەمەش سەرەتای کێشمەکێشی گەورەتری نێوان دەسەلاتدارانی ناسیونالستی کورد لەگەڵ بەغدا دەست پێدەکات.

لە هەمان کاتدا ئەم لەشکرکێشیو تۆپبارانەی سەر کوردستان لەم کاتەدا ، نیشانەی ئەوەیە کە کوردستان تا ئێستا گۆڕەپانیکی کراوەیەوەو لە حاڵەتی ڕودانی هەر بۆشاییەکی سیاسی یان لێدانی ئەمەریکا لە ئێران، ئەوە حەتمەن عێراقو کوردستان دەبیتە ساحەیەکی گەورەی یەکلایکردنەوەی کێشەکانو لەمبارەوە هەردوو دەوڵەتی تورکیاو ئێران بەجیا لە پەیامە جیاوازەکانیان، خەریکن هێزو دەسەلاتی خۆیان نیشانی یەکتری دەدەنو کەسیان تا ئێستا قایل نیە بەوەی کە ئەوی دیکە حەیتە بێت بەسەرییەوە...

بەڵام لەم نێوەدا زەرەرمەندی یەکەمو دوایی خەڵکی کوردستانە. خەڵکی کوردستان ئەمڕۆ بەهۆی بونی تەجروبەی یەك ساڵ زیاتری لە خۆپیشاندانو نارەزایەتیەکاندا، پێویستە بەڕۆشنی ئەم هەلومەرجە سیاسیـیە لێك بداتەوەو هوشیارانە خەریکی خۆ ڕیکخراوکردنو یەکگرتوکردنی هێزی نارەزایەتی خۆی بێت لە پێناو ڕوبەروبونەوەو خۆ ئامادەکردنی بۆ هەر پێشهاتو روداوێكو لەهەمانکاتدا بۆ بنەبرکردنی ئەم مەترسیو هێرشانەی ئەم دەوڵەتە کۆنەپەرستانە، بۆ بڕینی ئەم زامی شێرپەنجەیە چارەیەکی دیکەیان نیە جگە لە خۆکۆکردنەوەوو خۆئامادەکردن بۆ ڕێکخستنی

بزوتنەوەیەکی سەراسەری‌و ڕیکخراوو یەکگرتوو لە پیناو جیابونەوەی کوردستان‌و پیکهێنانی دەوڵەتیکی سەربەخۆ کە تەواوی ویست‌و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان دابین بکات. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق وێرای مەحکوم کردنی توندی ئەو پەلامارو هێرشانەی هەردوو وولآت لەهەمانکاتدا بانگەوازی خەڵکی کوردستان دەکات بۆ خۆرێکخراوکردن‌و یەکگرتوبونی زیاترو زیاتر وەك تاکە ڕێگایەك بۆ خۆجیاکردنەوەی لە هەمو ئەو هێزو لایەنانەی کە دژ بە بەرژەوەندییەکانیان دەجولێنەوە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستاندا تاسەر خەباتی خۆی دەباتە پێشەوە.

**ڕێـکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2006/5/10